# (36) بەشی فەرمانڕەوایی (كتاب الإمارة)

## (1) دانانی جێنشین و دانەنانی

1144ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ ( t ) قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى حَفْصَةَ ( y ) فَقَالَتْ: أَعَلِمْتَ أَنَّ أَبَاكَ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ؟ قَالَ: قُلْتُ: مَا كَانَ لِيَفْعَلَ، قَالَتْ: إِنَّهُ فَاعِلٌ، قَالَ: فَحَلَفْتُ أَنِّي أُكَلِّمُهُ فِي ذَلِكَ، فَسَكَتُّ حَتَّى غَدَوْتُ وَلَمْ أُكَلِّمْهُ، قَالَ: فَكُنْتُ كَأَنَّمَا أَحْمِلُ بِيَمِينِي جَبَلًا، حَتَّى رَجَعْتُ فَدَخَلْتُ عَلَيْهِ، فَسَأَلَنِي عَنْ حَالِ النَّاسِ وَأَنَا أُخْبِرُهُ، قَالَ: ثُمَّ قُلْتُ لَهُ: إِنِّي سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ مَقَالَةً، فَآلَيْتُ أَنْ أَقُولَهَا لَكَ، زَعَمُوا أَنَّكَ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ، وَإِنَّهُ لَوْ كَانَ لَكَ رَاعِي إِبِلٍ أَوْ رَاعِي غَنَمٍ، ثُمَّ جَاءَكَ وَتَرَكَهَا رَأَيْتَ أَنْ قَدْ ضَيَّعَ، فَرِعَايَةُ النَّاسِ أَشَدُّ. قَالَ: فَوَافَقَهُ قَوْلِي، فَوَضَعَ رَأْسَهُ سَاعَةً ثُمَّ رَفَعَهُ إِلَيَّ فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَحْفَظُ دِينَهُ، وَإِنِّي لَئِنْ لَا أَسْتَخْلِفْ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) لَمْ يَسْتَخْلِفْ، وَإِنْ أَسْتَخْلِفْ فَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ ( t ) قَدِ اسْتَخْلَفَ. قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ ذَكَرَ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) وَأَبَا بَكْرٍ، فَعَلِمْتُ أَنَّهُ لَمْ يَكُنْ لِيَعْدِلَ بِرَسُولِ اللَّهِ ( e ) أَحَدًا، وَأَنَّهُ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ. [بخاري/ الأحكام/ 6792]

(أبن عمر) ( y ) دەڵێ: سەردانی (حفصة)م ( y ) كرد، وتی: ئایا زانیوتە كە باوكت كەسی دانەناوە بە جێنشینی خۆی؟ وتم: لەو كەسانە نەبوو شتی وا بكات، وتی: كردویەتی، سوێندم خوارد دەبێ لەوبارەیەوە بیدوێنم، بێدەنگ بووم و تا بەیانی هیچم لەگەڵدا نەوت، لە حاڵێكدا بووم هەر وەك شاخێكم بە شانی ڕاستم هەڵگرتبێ، تا گەڕامەوە و چوومە لای، هەواڵی خەڵكی لێپرسیم و منیش ئاگادارم دەكرد، پاشان پێم وت: لە خەڵكیم بیست كە قسەیەكیان دەكرد، سوێندم خوارد كە هەر دەبێ پێت بڵێم، دەڵێن گوایە تۆ كەست دانەناوە بەجێنشینی خۆت، ئەم كارەت وە ك ئەوە وایە شوانێكی حوشتر یان شوانێكی مەڕت هەبێ و، پاشان بەجێیان بهێڵێت و بێتەوە بۆ لات، دەبینی كە ماڵیاتەكەی زایە كردوە، خۆ چاودێری كردنی خەڵكی لەوە قورستر و سەخترە، ابن عمر دەڵێ: باوكم ڕازی بوو بە قسەكەم، ماوەیەك سەری دانەواندو پاشان بەرزی كردەوە و ڕووی تێكردم و وتی: خوای ( U ) ئاینی خۆی دەپارێزێ، جا ئەگەر منیش جێنشین دانەنێم خۆ پێغەمبەری خوا ( e )یش جێنشینی دانەناوە،

ئەگەر جێنشینیش دابنێم ئەوا (أبو بكر) ( t ) جێنشینی دانا، أبن عمر دەڵێ: سوێند بەخوا هەر ئەوەندە بوو تا ناوی پێغەمبەری خوا ( e ) و أبو بكری هێنا، ئینجا بۆم دەركەوت كە ئەو هیچ كەس ناكات بە هاوشانی پێغەمبەری خوا ( e ) كە ئەویش جێنشینی دانەناوە)).

## ( 2 ) وەفاكردن بە بەیعەتی جێنشینەكان یەك لەدوای یەك

1145ـ عَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: قَاعَدْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ ( t ) خَمْسَ سِنِينَ، فَسَمِعْتُهُ يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ ( e ) قَالَ: ((كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الْأَنْبِيَاءُ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَتَكُونُ خُلَفَاءُ تَكْثُرُ)). قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: ((فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ فَالْأَوَّلِ، وَأَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)). [البخاري/ الأنبياء/ 3267]

(أبو حازم) دەڵێ: پێنج ساڵ لەگەڵ (أبو هريرة)دا ( t ) هاونشین بووم، لێم بیست لە پێغەمبەری ( e ) دەگێڕایەوە كە فەرموویەتی: ((پێغەمبەران كاروباری (بنو ئیسرائیل)یان دەبرد بەڕێوە، هەركاتێ پێغەمبەرێكیان تیاچووبێ" پێغەمبەرێكی تر بوەتە جێگەداری، بەڕاستی لەدوای منەوە پێغەمبەری تر نیە، بەڵكو لەدوای من جێنشین دێن و زۆریش دەبن)) وتیان: فەرمانمان بە چی پێدەكەیت؟ فەرمووی: ((وەفادار بن بەو بەیعەتەی دەیدەن پێیان یەك لەدوای یەك، مافی خۆیانیان بدەنێ، خوای گەورەیش پرسیاریان لێدەكات لەوەی كە ئەوان كراونەتە سەرپەرشتیاری)).

## ( 3 ) ئەگەر پەیمان درا بە دوو خەلیفە لەیەك كاتدا

1146ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِذَا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ فَاقْتُلُوا الْآخَرَ مِنْهُمَا)).

(أبو سعيد الخُدري) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e )فەرموویەتی: ((ئەگەر لەیەك كات دا بەیعەت درا بە دوو جێنشین دوەمەكەیان بكوژن))

## ( 4 ) هەمووتان چاودێرن و هەمووشتان بەرپرسن

1147ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ ( y ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) أَنَّهُ قَالَ: ((أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا

وَوَلَدِه، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)). [بخاري/ العتق/ 2416]

(أبن عمر) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرموویەتی: ((ئاگاداربن كە هەمووتان چاودێر و شوانن، هەموشتان بەرپرسیارن لەژێر دەستەكانتان، كاربەدەستی خەڵكی شوانە و بەرپرسیارە لە ژێر دەستەكانی، پیاویش شوانی ماڵ و خێزانەكەیەتی و بەرپرسە لێیان، ئافرەتیش شوانی ماڵی مێردەكەی و منداڵەكانیەتی و بەرپرسیشە لێیان، كۆیلەش شوانە بەسەر ماڵی گەورەكەیەو بەرپرسە لێی، دە ئاگادارین هەمووتان شوانن، هەموویشتان بەرپرسن لە ژێر دەستەكانتان))

## ( 5 ) نابەجێی سوربوون لەسەر داوای فەرمانڕەوایی

1148ـ عَنْ أَبِي ذَرٍ ( t ) : أَنَّ رَسُولَ اللهِ ( e ) قَالَ: ((يَا أَبَا ذَرٍ إِنِي أَرَاكَ ضَعِيفًا، وَإِنِي أُحِبُ لَكَ مَا أُحِبُ لِنَفْسِي ، لاَ تَأَمَرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ، وَلاَ تَوَلَيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ)) [(البخاري/ أوائل الأيمان والنذور/6248)].

(عبدالرحمن) كوری (سمرة) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی پێم: ((ئەی عبدالرحمن، داوای فەرمانڕەوایەتی مەكە، چونكە ئەگەر لەسەرداواكردنی خۆت پێت درا، ئەوا خوا دەت داتە دەست خۆت، بەڵام ئەگەر بەبێ داواكردنی خۆت پێت درا، ئەوا یارمەتی دەدرێیت لەسەری)).

1149ـ عَنْ أَبِي ذَرّ ( t ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ثُمَّ قَالَ: ((يَا أَبَا ذَرّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةُ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا)).

(أبوذرّ) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((ئەی (أبو ذرّ) تۆ بە كەم توانا دەبینم، ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە بۆ تۆش پێم خۆشە، نەبیتە فەرمانرەوای دووكەس، ماڵی هەتیویش نەگریتە لای خۆت)).

1150ـ عَنْ أَبِي ذَرّ ( t ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ثُمَّ قَالَ: ((يَا أَبَا ذَرّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةُ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا)).

(أبو ذرّ) ( t ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ نامكەیتە كاربەدەست؟ بەدەستی پیرۆزی دای بەسەر شانمدا و فەرمووی: ((ئەی (أبوذرّ) تۆ كەم

توانایـــت، كاربەدەســـتیش ئەمانەتـــە، بـــۆ ڕۆژی قیامـــەتیش ڕیـــسوایی و پەشیمانییە، مەگەر كەسێ كەشیاوبێت بۆی و بتوانێ مافی خۆی بداتێ )).

## ( 6 ) كارمان ناسپێرین بە كەسێ كە خۆی بیەوێ

1151ـ عَنْ أَبِي بُرْدَةَ قَالَ: قَالَ أَبُو مُوسَى ( t ): أَقْبَلْتُ إِلَى النَّبِيِّ ( e ) وَمَعِي رَجُلَانِ مِنَ الْأَشْعَرِيِّينَ، أَحَدُهُمَا عَنْ يَمِينِي وَالْآخَرُ عَنْ يَسَارِي، فَكِلَاهُمَا سَأَلَ الْعَمَلَ، وَالنَّبِيُّ ( e ) يَسْتَاكُ، فَقَالَ: ((مَا تَقُولُ يَا أَبَا مُوسَى؟ أَوْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ)). قَالَ: فَقُلْتُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أَطْلَعَانِي عَلَى مَا فِي أَنْفُسِهِمَا، وَمَا شَعَرْتُ أَنَّهُمَا يَطْلُبَانِ الْعَمَلَ، قَالَ: وَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى سِوَاكِهِ تَحْتَ شَفَتِهِ وَقَدْ قَلَصَتْ، فَقَالَ: ((لَنْ -أَوْ لَا- نَسْتَعْمِلُ عَلَى عَمَلِنَا مَنْ أَرَادَهُ، وَلَكِنِ اذْهَبْ أَنْتَ يَا أَبَا مُوسَى، أَوْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ قَيْسٍ)). فَبَعَثَهُ عَلَى الْيَمَنِ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ، فَلَمَّا قَدِمَ عَلَيْهِ قَالَ: انْزِلْ، وَأَلْقَى لَهُ وِسَادَةً، وَإِذَا رَجُلٌ عِنْدَهُ مُوثَقٌ، قَالَ: مَا هَذَا؟ قَالَ: هَذَا كَانَ يَهُودِيًّا فَأَسْلَمَ، ثُمَّ رَاجَعَ دِينَهُ دِينَ السَّوْءِ فَتَهَوَّدَ، قَالَ: لَا أَجْلِسُ حَتَّى يُقْتَلَ، قَضَاءُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ، فَقَالَ: اجْلِسْ، نَعَمْ، قَالَ: لَا أَجْلِسُ حَتَّى يُقْتَلَ، قَضَاءُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ. ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَأَمَرَ بِهِ فَقُتِلَ، ثُمَّ تَذَاكَرَا الْقِيَامَ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا -مُعَاذٌ- أَمَّا أَنَا فَأَنَامُ وَأَقُومُ، وَأَرْجُو فِي نَوْمَتِي مَا أَرْجُو فِي قَوْمَتِي.
[بخاري/ استتابة المرتدين والمعاندين/ 6525]

(أبو بُردة) دەڵێ: (ابو موسى) ( t ) وتی: هاتمە خزمەتی پێغەمبەر ( e ) و دوو پیاو لە ئەشعەریەكانم لەگەڵدا بوو، یەكێكیان لەلای ڕاستمەوە و ئەوی تریان لەلای چەپمەوە، هەردووكیان داوای كار بەدەستیان كرد، پێغەمبەریش ( e ) سیواكی دەكرد، ئینجا فەرمووی: ((ئەی (أبو موسى). تۆچی دەڵێیت؟ یان: ئەی (عبدالله) كوڕی (قیس))؟ منیش وتم: سوێند بەو كەسەی تۆی بە هەق ڕەوانەكردووە، ئاگاداریان نەكردووم بەوەی كە لە دڵیاندایە وەهەستم نەكردوە كە داوای كار بەدەستی دەكەن، هەروەك ببینم دەڵێی چاوم لێیە كە سیواكەكەی لە ژێر لێویدایە و لێوی هاتوەتەیەك و بەرزبوەتەوە، فەرمووی: ((نەخێر، كەسێ ناخەینە سەركاروفەرمانمان كە خۆی بیەوێت، بەڵام ئەی أبو موسى تۆ بڕۆ، یان: ئەی عبدالله كوڕی قیس)). بەكاربەدەستی ناردی بۆ یەمەن، (معاذ) كوڕی (جبل)یشی نارد بە دوایدا، كاتێ كە (معاذ) گەیشتە لای، وتی: دابەزە، (أبو موسى) سەرینێكی، بۆ دانا، لەوساتەدا پیاوێ لای أبوموسى كۆت و

زنجیرکرابوو، (معاذ)وتی: ئەوە چییە؟ وتی: ئەمە جولەکە بووە پاشان موسڵمان بووە، دوایی گەڕاوەتەوە سەر ئاینە خراپەکەی خۆی و بوەتەوە بە جولەکە، وتی: دانانیشم هەتا نەکوژرێ، حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، أبو موسی وتی: دانیشە، باشە، وتی: هەتا نەکوژرێ دانانیشم، حوکمی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، سێجار ئەمەی وت، (أبو موسی) فەرمانی داو کوژرا، پاشان کەوتنە وتووێژ لەسەر شەونوێژ، یەکێکیان وتی –کە معاذ بوو– بەڵام من دەخەوم و شەویش هەڵدەستم، چەندە بەتەمای پاداشتی شەونوێژەکەمم، ئەوەندەش بەتەمای پاداشتی خەوتنەکەمم.

## ( 7 ) پێشەوا گەر فەرمانیدا بەلەخوا ترسی پاداشتی خۆی هەیە

1152ـ عَنْ أبي هريرة ( t ): عَنْ النبي ( e ) قال: ((إِنَّمَا الْإِمَامُ جُنَّةٌ، يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ وَيُتَّقَى بِهِ، فَإِنْ أَمَرَ بِتَقْوَى اللَّهِ وَعَدَلَ فَإِنَّ لَهُ بِذَلِكَ أَجْراً، وَإِنْ قَالَ بِغَيْرِهِ فَإِنَّ عَلَيْهِ مِنْهُ)).

(ابو هريرة) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((لەڕاستیدا پێشەوا قەڵغانە و خەڵك لەدوایەوە دەجەنگن و خۆیانی پێدەپارێزن. جا ئەگەر فەرمانیدا بە ترسان لە خوای گەورە و و دادپەروەر بوو ئەوە پاداشتی خۆی هەیە، ئەگەر فەرمان بدات بەشتێکی دی ئەوە تاوانی ئەو شتەی دەکەوێتە سەر)).

## ( 8 ) فەرمانڕەوای دادپەروەر چ پاداشتێکی هەیە؟

1153ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللَّهِ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ، وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ، الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وَمَا وَلُوا)).

(عبدالله) کوڕی (عمر) ( y ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((فەرمانڕەوایانی دادپەروەر لای خوا لە ڕۆژی دوایی وان لەسەر مینبەری نوورین، لەلای ڕاستی خوای گەورەن، کە هەردوولای هەر ڕاستە، واتە ئەو (فەرمانڕەوایانەی) کە دادپەروەرن لە فەرمانڕەواییاندا و، لەناو کەسوکاریاندا و، لەناو ئەوانەشدا سەرپەرشتیان دەکەن))

## (9) كاربەدەست لە نێوان توند وتیژی و ئاسان كاریدا

1154ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِمَاسَةَ قَالَ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ (y) أَسْأَلُهَا عَنْ شَيْءٍ، فَقَالَتْ: مِمَّنْ أَنْتَ؟ فَقُلْتُ: رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ مِصْرَ، فَقَالَتْ: كَيْفَ كَانَ صَاحِبُكُمْ لَكُمْ فِي غَزَاتِكُمْ هَذِهِ؟ فَقَالَ: مَا نَقَمْنَا مِنْهُ شَيْئًا، إِنْ كَانَ لَيَمُوتُ لِلرَّجُلِ مِنَّا الْبَعِيرُ فَيُعْطِيهِ الْبَعِيرَ، وَالْعَبْدُ فَيُعْطِيهِ الْعَبْدَ، وَيَحْتَاجُ إِلَى النَّفَقَةِ فَيُعْطِيهِ النَّفَقَةَ، فَقَالَتْ: أَمَا إِنَّهُ لَا يَمْنَعُنِي الَّذِي فَعَلَ فِي مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ أَخِي أَنْ أُخْبِرَكَ مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (e) يَقُولُ فِي بَيْتِي هَذَا: ((اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ، وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ))

(عبدالرحمن) كوڕی (شُماسة) دەڵێ: هاتمە لای عائشە (y) پرسیاری شتێكی لێبكەم، وتی: خەڵكی كوێیت؟ وتم: پیاوێكم لە خەڵكی (میسر)، وتی: پێشەواكەتان چۆن بوو بۆتان لەم جەنگانەتاندا؟ وتم: گلەییەكمان لێی نیە، ئەگەر حوشتری یەكێكمان بمردایە حوشترێكی تری پێدەدا، یەكێ بەندەیەكی بمردایە بەندەیەكی تری پێدەدا، ئەگەر كەسێ پێویستی بە بژێوی ببوایە بژێوی دەدایە، (عائشة) وتی: كەواتە ئەوەی كردی بە براكەم (محمد) كوڕی (أبو بكر)[1] ڕێگریم ناكات لەوە ئاگادارت بكەم بەوەی لە پێغەمبەری خوام (e) بیستوە كە لەمماڵەی مندا دەیفەرموو: ((ئەی خوایە، هەر كەسێ كارێكی درایە دەست لە كاری ئەم ئوممەتەم توند و تیژ بوو لەگەڵیان تۆیش تۆڵەی لێبسێنە، هەركەسێ كە كارێكی درایە دەست لەكاری ئەم ئوممەتەم نەرم بوو لەگەڵیان تۆیش پاداشتی بدەرەوە بەچاكە)).

## (10) ئایین ئامۆژگارییە

1155ـ عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (t): أَنَّ النَّبِيَّ (e) قَالَ: ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ)). قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: ((لِلَّهِ، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسُولِهِ، وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))

(تميم الداريُّ) (t) دەڵێ: پێغەمبەر (e) فەرمووی: ((ئاین دڵسۆزی و ئامۆژگارییە)) وتمان: بۆ كێ؟ فەرمووی: ((بۆ خوا و، بۆ قورئانەكەی،بۆ پێغەمبەرەكەی، بۆ پێشەوا و تێكڕای موسڵمانانیش)).

1156ـ عَنْ جَرِيرٍ ( t ) قَالَ: بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) عَلَى إِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ. [البخاري/ الإيمان/ 57]

(جرير) ( t ) دەڵێ: پەیمانم دا بە پێغەمبەری خوا ( e ) لەسەر ئەوە كە نوێژبكەم و، زەكات بدەم، ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێكیش بكەم كەدڵسۆزی هەبێت بۆیان.

## (11) دڵسۆزی نەكردن و غەشكردن لەگەڵ خەڵكی و ئامۆژگاری نەكردنیان

1157ـ عَنِ الْحَسَنِ قَالَ: عَادَ عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ زِيَادٍ مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ الْمُزَنِيَّ ( t ) فِي مَرَضِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، فَقَالَ مَعْقِلٌ: إِنِّي مُحَدِّثُكَ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ( e )، لَوْ عَلِمْتُ أَنَّ لِي حَيَاةً مَا حَدَّثْتُكَ بِهِ، إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً، يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ، إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)). [البخاري/ الأحكام/ 6731]

(حسن) دەڵێ: (عبیداللە) كوڕی (زیاد) سەردانی (معقل) كوڕی (یسار) المُزَنِيّ ( t ) كرد لەو نەخۆشیەیدا كە بوە هۆی مردنی، (معقل) وتی: من فەرموودەیەكت بۆ دەگێرمەوە كە لە پێغەمبەری خوام ( e ) بیستوە، ئەگەر بمزانیایە كە ژیانم بەبەریەوە ماوە نەمدەگێڕایەوە بۆت، من لە پێغەمبەری خوام ( e ) بیستوە دەیفەرموو: ((هەر بەندەیەك خوا بیكاتە كاربەدەست و چاودێری كۆمەڵێك خەڵك، پاشان هەر ڕۆژێ بمرێ و غەشی كردبێ لە ژێردەستەكانی، ئەوا خوا بەهەشتی لێحەرام دەكات)).

1158ـ عَنْ الْحَسَنُ: أَنَّ عَائِذَ بْنَ عَمْرٍو ( t ): -وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ( e )- دَخَلَ عَلَى عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ زِيَادٍ، فَقَالَ: أَيْ بُنَيَّ، إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((إِنَّ شَرَّ الرِّعَاءِ الْحُطَمَةُ، فَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ)). فَقَالَ لَهُ: اجْلِسْ فَإِنَّمَا أَنْتَ مِنْ نُخَالَةِ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ ( e )، فَقَالَ: وَهَلْ كَانَتْ لَهُمْ نُخَالَةٌ؟ إِنَّمَا كَانَتِ النُّخَالَةُ بَعْدَهُمْ وَفِي غَيْرِهِمْ.

(حسن) دەڵێ: (عائذ) كوڕی (عمرو) ( t ) -كە یەكێ بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( e )- چووە لای (عبیداللە) كوڕی (زیاد) و وتی: ئەی كوڕەكەم، من لە پێغەمبەری خوام ( e ) بیستوە دەیفەرموو: ((خراپترینی كاربەدەست و ئەمیندار كەسێكە توند و ستەمكاربێت، وریابە نەكەی لەوانە

بی)) ئینجا پێیوت: دانیشە، چونکە تۆ لە پاشماوەی هاوەڵانی محمدی (e)، (عبیدالله) وتی: ئایا هاوەڵان پاشماوەیان هەبووە؟ بەڵکو خڵتە لەدوای ئەوان و لە خەڵکی تردا هەیە.

## (12) خیانەتی فەرمانڕەواکان لە دەستکەوتی جەنگی

1159ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (t) قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (e) ذَاتَ يَوْمٍ فَذَكَرَ الْغُلُولَ، فَعَظَّمَهُ وَعَظَّمَ أَمْرَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ بَعِيرٌ لَهُ رُغَاءٌ، يَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ فَرَسٌ لَهُ حَمْحَمَةٌ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ شَاةٌ لَهَا ثُغَاءٌ، يَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ نَفْسٌ لَهَا صِيَاحٌ فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ رِقَاعٌ تَخْفِقُ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ. لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رَقَبَتِهِ صَامِتٌ، فَيَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَغِثْنِي، فَأَقُولُ: لَا أَمْلِكُ لَكَ شَيْئًا، قَدْ أَبْلَغْتُكَ)). [البخاري/ الجهاد/ 2908]

(أبو هريرة) (t) دەڵێ: ڕۆژێ پێغەمبەری خوا(e) لەناوماندا هەستاو کەوتە باسکردنی خیانەت لە دەستکەوتی جەنگی، تاوانەکەی بە گەورە باسکرد، پاشان فەرمووی: ((باکەسێکتان نەبینم کە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت و حوشترێ لەسەر ملی بێت و بقۆڕێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام کەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێکت بۆ بکەم، کاتی خۆی پێم ڕاگەیاندویت و، باکەسێکتان نەبینم کە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت ئەسپی بەسەر ملیەوە بێت و بحیلکێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، فریام کەوە، منیش بڵێم" دەسەڵاتم نیە هیچ شتێکت بۆ بکەم، خۆ پێم ڕاگەیاندوی، با کەسێکتان نەبینم کە لە ڕۆژی قیامەت دا بێت و مەڕێ بەسەرملیەوە بێت و بباڕێنێ، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام کەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێکت بۆ بکەم، پێم ڕاگەیاندوویت، باکەسێکتان نەبینم کەلە ڕۆژی قیامەتدا بێت و گیانلەبەرێك بەسەرملیەوە بێت و هاوار بکات، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام کەوە، منیش

بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، خۆ پێم ڕاگەیاندویت، با كەسێكتان نەبینم كە لەڕۆژی قیامەتدا بێت و چەند پارچە قوماشێ بەسەرملیەوە بن و بشەكێنەوە و بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، خۆ پێم ڕاگەیاندویت، باكەسێكتان نەبینم كە لە ڕۆژی قیامەتدا بێت و ئاڵتون و زیو و شتومەك بەسەملیەوە بێت و، بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا فریام كەوە، منیش بڵێم: دەسەڵاتم نیە هیچ شتێكت بۆ بكەم، كاتێ خۆی پێم ڕاگەیاندویت)).

## ( 13 ) ئەوەی فەرمانڕەواكان دەیشارنەوە خیانەتە

1160ـ عَنْ عَدِيِّ بْنِ عَمِيرَةَ الْكِنْدِيِّ ( t ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ، فَكَتَمْنَا مِخْيَطًا فَمَا فَوْقَهُ كَانَ غُلُولًا يَأْتِي بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). قَالَ: فَقَامَ إِلَيْهِ رَجُلٌ أَسْوَدُ مِنَ الْأَنْصَارِ كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اقْبَلْ عَنِّي عَمَلَكَ. قَالَ: ((وَمَا لَكَ)). قَالَ: سَمِعْتُكَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا، قَالَ: ((وَأَنَا أَقُولُهُ الْآنَ: مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ، فَلْيَجِئْ بِقَلِيلِهِ وَكَثِيرِهِ، فَمَا أُوتِيَ مِنْهُ أَخَذَ، وَمَا نُهِيَ عَنْهُ انْتَهَى)).

(عدي) كوڕی (عميرة الكندي) ( t ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام ( e ) بیستوە كە دەیفەرموو: ((هەر كەسێكمان لە ئێوە كردە كاربەدەست و دەرزیەكی دروومان یان زیاتری لێشاردینەوە ئەوە خیانەتە و لە ڕۆژی قیامەتدا گیرۆدە دەبێ)). پیاوێكی ڕەش پێست لە یاریدەدەران لێیهەڵسا، وەك هەر ئێستە چاوم لێی بێ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو كارەم لێوەربگرەوە كە پێت سپاردووم. فەرمووی: ((تۆ چیتە)) وتی: لێم بیستی ئەوە و ئەوەت فەرموو، فەرمووی: ((من ئێستەش دەیڵێم: كە هەر كەسێكمان لە ئێوە كردە كاربەدەست، با (هەر چی دەست ئەكەوێ) كەم و زۆریمان بۆ بهێنێت ئەوەی كە پێی دەدرێ وەری بگرێت، ئەوەیش نایدرێتێ دەستی لێهەڵبگرێ)).

## ( 14 ) دیاری بۆ فەرمانڕەواكان

1161ـ عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ ( t ) قَالَ: اسْتَعْمَلَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) رَجُلًا مِنَ الْأَسد عَلَى صَدَقَاتِ بَنِي سُلَيْمٍ يُدْعَى ابْنَ اللُّبْنِيةِ، فَلَمَّا جَاءَ حَاسَبَهُ، قَالَ: هَذَا مَالُكُمْ وَهَذَا هَدِيَّةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((فَهَلَّا جَلَسْتَ فِي بَيْتِ أَبِيكَ وَأُمِّكَ حَتَّى تَأْتِيَكَ هَدِيَّتُكَ إِنْ كُنْتَ صَادِقًا)). ثُمَّ خَطَبَنَا فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا

بَعْدُ، فَإِنِّي أَسْتَعْمِلُ الرَّجُلَ مِنْكُمْ عَلَى الْعَمَلِ مِمَّا وَلَّانِي اللَّهُ، فَيَأْتِي فَيَقُولُ: هَذَا مَالُكُمْ، وَهَذَا هَدِيَّةٌ أُهْدِيَتْ لِي، أَفَلَا جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ حَتَّى تَأْتِيَهُ هَدِيَّتُهُ إِنْ كَانَ صَادِقًا؟ وَاللَّهِ لَا يَأْخُذُ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنْهَا شَيْئًا بِغَيْرِ حَقِّهِ إِلَّا لَقِيَ اللَّهَ تَعَالَى يَحْمِلُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَلَأَعْرِفَنَّ أَحَدًا مِنْكُمْ لَقِيَ اللَّهَ يَحْمِلُ بَعِيرًا لَهُ رُغَاءٌ، أَوْ بَقَرَةً لَهَا خُوَارٌ، أَوْ شَاةً تَيْعَرُ)) ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى رُئِيَ بَيَاضُ إِبْطَيْهِ يقول: ((اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ)). بَصُرَ عَيْنِي، وَسَمِعَ أُذُنِي. [بخاري/ الحيل/ 6578]

(أبو حميد الساعدي) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) پیاوێكی (أسد)[1]ی كردە كارمەندی كۆكەرەوەی زەكاتی (بني سُلَيم) ناودەبرا بە (ابن اللتبيةّ)، كاتێ هاتەوە كەوتە لێپرسینەوەی، وتی: ئەم سامانە هی ئێوەیە و ئەمە دیاریە بۆ من، پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((ئەگەر ڕاستگۆیت بۆ دانەنیشتی لەماڵی دایك و باوكتدا هەتا دیاریەكەتت بۆ بێت)). پاشان وتاری بۆ داین و سوپاس و ستایشی خوای ( U )ی كرد، ئینجا فەرمووی: ((لەپاشان، من پیاوێ لە ئێوە دەكەمە كارمەند بەسەر ئەو ئیشەوە كە خوا داویەتە دەستم، كەچی دێت و دەڵێ: ئەوە سامانەكەی ئێوەیە، ئەوەش دیارییە دراوە بە من، ئەی بۆ لە ماڵی باوك و دایكیدا دانەنیشت، دیاریەكەی بۆ بێت ئەگەر ڕاستگۆیە؟ بەخوا هەریەكێ لە ئێوە شتێك وەربگرێ كە بە حەقی خۆی نەبێ كە ڕۆژی قیامەت گەیشت بەخوای بالادەست دەبێ بە كۆڵیەوە بێت. یەكێك لە ئێوە دەناسمەوە كە بە خوای ( U ) دەگات حوشترێ بە كۆڵیەوەیەتی و باڕەباڕیەتی، یان مانگایەك قۆڕەی لێدێ یان مەڕێك باعەباعیەتی)). پاشان هەردوو دەستی بەرز كردەوە هەتا سپیایی هەردوو بن باڵی بینرا و دەیفەرموو: ((خوایە، ئەوا گەیاندم)). (أبو حميد) دەڵێ: چاوم بینی و گوێم بیستی.

## ( 15 ) پەیمانی ژێر درەختەكە دەربارەی ڕانەكردن و پشت هەڵنەكردن

1162ـ عَنْ جَابِرِ بن عبدالله ( t ) قَالَ: كُنَّا يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ أَلْفًا وَأَرْبَعَ مِائَةً، فَبَايَعْنَاهُ وَعُمَرُ ( t ) آخِذٌ بِيَدِهِ تَحْتَ الشَّجَرَةِ، وَهِيَ سَمُرَةٌ، وَقَالَ: بَايَعْنَاهُ عَلَى أَنْ لَا نَفِرَّ، وَلَمْ نُبَايِعْهُ عَلَى الْمَوْتِ. [البخاري/ المغازي/ 3921]

[1] الأسد: پێیان دەوترێ الأزد.

(جابر) كوڕی (عبدالله) (y) دەڵێ: ئێمە لە ڕۆژی حودەیبییەدا هەزار و چوارسەد، بووین، پەیمانمان دا بە پێغەمبەری خوا (e)، و (عمر) (t) لە ژێر درەختی (سَمُرة) دا دەستی بە دەستیەوە بوو، پەیمانمان پێدا لە جەنگدا ڕانەكەین، بەڵام پەیمانی مردنمان نەدایە.

1163ـ عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ قَالَ: سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (t) عَنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ؟ فَقَالَ: لَوْ كُنَّا مِائَةَ أَلْفٍ لَكَفَانَا، كُنَّا أَلْفًا وَخَمْسَ مِائَةٍ.

(سالم) كوڕی (أبو الجعد) دەڵێ: لەبارەی ژمارەی هاوەڵانی درەختەكە پرسیارم كرد لە (جابر) كوڕی (عبدالله) (y)؟ لەوەڵامدا وتی: هەزار و پێنج سەد كەس بووین خۆ ئەگەر سەدهەزاریش بوینایە بەشی دەكردین[2].

1164ـ عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي أَوْفَى (t) قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ الشَّجَرَةِ أَلْفًا وَثَلَاثَ مِائَةٍ، وَكَانَتْ أَسْلَمُ ثُمْنَ الْمُهَاجِرِينَ. [البخاري/ المغازي/ 3924]

((عبدالله) كوڕی (أبو أوفى) (y) دەڵێ: هاوەڵانی درەختەكە هەزار و سێسەد كەس بوون، هۆزی (أسلم)یش هەشت یەكی كۆچكەرەكان بوون.

## (16) پەیماندان لەسەر مردن

1165ـ عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي عُبَيْدٍ قَالَ: قُلْتُ لِسَلَمَةَ: عَلَى أَيِّ شَيْءٍ بَايَعْتُمْ رَسُولَ اللَّهِ (e) يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ؟ قَالَ: عَلَى الْمَوْتِ. [البخاري/ المغازي/ 3936]

(یزید) كوڕی (أبو عبید) دەڵێ: بە (سلمة)م وت: لە ڕۆژی حودەیبییەدا لەسەر چ شتێ پەیمانتان بە پێغەمبەری خوا (e) دا؟ وتی: لەسەر مردن.

## (17) پەیماندان لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی بە پێی توانا

1166ـ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (t) قَالَ: كُنَّا نُبَايِعُ رَسُولَ اللَّهِ (e) عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، يَقُولُ لَنَا: ((فِيمَا اسْتَطَعْتَ)). [البخاري/ الأحكام/ 6776]

(ابن عمر) (y) دەڵێ: پەیمانمان دەدا بە پێغەمبەری خوا (e) لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی، پێمانی دەفەرموو: ((بەپێی توانات)).

## (18) پەیماندان لەسەر گوێڕایەڵی مەگەر كوفرێكی ئاشكرا ببینن

1167ـ عَنْ جُنَادَةَ بْنِ أَبِي أُمَيَّةَ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (t) وَهُوَ مَرِيضٌ، فَقُلْنَا: حَدِّثْنَا –أَصْلَحَكَ اللَّهُ– بِحَدِيثٍ يَنْفَعُ اللَّهُ بِهِ، سَمِعْتَهُ مِنْ

[2] مەبەست لەو ئاوەیە كە لە نێوان پەنجەكانی پێغەمبەری خوا (e)وە هەڵقوڵا.

رَسُولِ اللَّهِ (e). فَقَالَ: دَعَانَا رَسُولُ اللَّهِ (e) فَبَايَعْنَاهُ، فَكَانَ فِيمَا أَخَذَ عَلَيْنَا: أَنْ بَايَعَنَا عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، فِي مَنْشَطِنَا وَمَكْرَهِنَا وَعُسْرِنَا وَيُسْرِنَا، وَأَثَرَةٍ عَلَيْنَا وَأَنْ لَا نُنَازِعَ الْأَمْرَ أَهْلَهُ. قَالَ: ((إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ)). [البخاري/ الفتن/ 6647]

(جُنادة) كوڕی (أبو أمية) دەڵێ: چووینە سەردانی (عبادە) كوڕی (صامت) (t) نەخۆش بوو، وتمان: -خوا چاكت بۆ بكا- فەرموودەیەكمان بۆ بگێڕەرەوە لە پێغەمبەری خوات (e) بیستبێ تا سوودی لێوەرگرین، (عُبادة) وتی: پێغەمبەری خوا (e) بانگی كردین و پەیمانمان پێدا، لەو خاڵانەی كە لێی وەرگرتین: پەیمانمان پێدا لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچی، لە خۆشیمان و ناخۆشیماندا و لەتەنگانەمان و لە ئاسودەییماندا، بافەرمانڕەواكانیش هەندێ مافمان بەرن بۆ خۆیان، پەیماندا كە ململانێ نەكەین لەگەڵ كەسێ كە شایستەی فەرمانڕەوایی بێت، پێغەمبەر (e) فەرمووی: ((مەگەر كوفرێكی ئاشكرا ببینن و بەڵگەتان لای خواوە هەبێت لەسەری)).

## (19) تاقیكردنەوەی ئافرەتە باوەڕدارەكان

1168ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) زَوْجَ النَّبِيِّ (e) قَالَتْ: كَانَتِ الْمُؤْمِنَاتُ إِذَا هَاجَرْنَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (e) يُمْتَحَنَّ بِقَوْلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَنْ أَقَرَّ بِهَذَا مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ فَقَدْ أَقَرَّ بِالْمِحْنَةِ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (e) إِذَا أَقْرَرْنَ بِذَلِكَ مِنْ قَوْلِهِنَّ قَالَ لَهُنَّ رَسُولُ اللَّهِ (e): ((انْطَلِقْنَ فَقَدْ بَايَعْتُكُنَّ)). وَلَا وَاللَّهِ مَا مَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللَّهِ (e) يَدَ امْرَأَةٍ قَطُّ، غَيْرَ أَنَّهُ يُبَايِعُهُنَّ بِالْكَلَامِ. قَالَتْ عَائِشَةُ (y): وَاللَّهِ مَا أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (e) عَلَى النِّسَاءِ قَطُّ إِلَّا بِمَا أَمَرَهُ اللَّهُ تَعَالَى، وَمَا مَسَّتْ كَفُّ رَسُولِ اللَّهِ (e) كَفَّ امْرَأَةٍ قَطُّ، وَكَانَ يَقُولُ لَهُنَّ إِذَا أَخَذَ عَلَيْهِنَّ: ((قَدْ بَايَعْتُكُنَّ)) كَلَامًا. [البخاري/ الطلاق/ 4983]

(عائشة) (رضي الله عنها) هاوسەری پێغەمبەری خوا (e) دەڵێ: هەركاتێ ئافرەتە باوەڕدارەكان كۆچیانبكردایە بۆ لای پێغەمبەری خوا (e) بەم فەرموودەیەی سەرەوەی خوای (U) تاقی دەكرانەوە كە ئەمە ماناكەیەتی: ((ئەی پێغەمبەر (e) كاتێك ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لات و پەیمانیان پێدایت با هیچ جۆرە هاوەڵێك بۆ خوا بڕیارنەدەن، زینا نەكەن، ڕۆڵەكانی

خۆیان نەكوژن، هیچ جۆرە بوختانێك نەكەن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا))

هەتا كۆتایی ئایەتەكە ، عائشە وتی: هەر كام لە ئافرەتە باوەڕدارەكان دانی بنایە بەوەدا ئەوا، دانی دەنا، بە بەرگەگرتنی تاقیكردنەوەكەدا، جا ئەگەر بە وتەی خۆیان دانیان بنایە بەوەدا ئیتر پێغەمبەری خوا ( e ) دەیفەرموو پێیان: ((بڕۆن ئەوا پەیمانم لێوەرگرتن)). سوێند بە خوا هەرگیز دەستی پێغەمبەری خوا ( e ) نەكەوتوە لە دەستی هیچ ئافرەتێك، بەڵكو هەر بە قسە پەیمانی لێوەردەگرتن، عائشە ( y ) دەڵێ: سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا ( e ) هەر پەیمانێكی لە ئافرەتان وەرگرتبێت هەر ئەوە بووە كە خوا فەرمانی پێكردووە، هەرگیز ناو لەپی پێغەمبەری خوا ( e ) نەكەوتوە لە ناو لەپی هیچ ئافرەتێك، هەر كاتێ بەیعەتی لێوەربگرتنایە هەر بە قسە دەیفەرمووپێیان: ((ئەوا پەیمانم لێ وەرگرتن)).

## ( 20 ) گوێڕایەڵی كردنی پێشەوا

1169ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) قَالَ: ((مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ، وَمَنْ يَعْصِنِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ، وَمَنْ يُطِعِ الْأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي، وَمَنْ يَعْصِ الْأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي)). [البخاري/ الأحكام/ 6718]

(أبو هريرة) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((هەركەسێ گوێڕایەڵی من بكات ئەوا گوێڕایەڵی خوای كردووە، هەر كەسێ سەرپێچی من بكات ئەوا سەرپێچی خوای كردووە، هەر كەسێ گوێڕایەڵی فەرمانڕەواكەی بكات ئەوا گوێڕایەڵی منی كردووە، هەر كەسێ سەرپێچی فەرمانڕەواكەی بكات ئەوا سەرپێچی منی كردووە)).

## ( 21 ) گوێڕایەڵی كردنی كەسێ كار بە قورئان بكات

1170ـ عَنْ يَحْيَى بْنِ حُصَيْنٍ، عَنْ جَدَّتِهِ أُمِّ الْحُصَيْنِ ( t ) قَالَ: سَمِعْتُهَا تَقُولُ: حَجَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ( e ) حَجَّةَ الْوَدَاعِ، قَالَتْ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ) قَوْلًا كَثِيرًا، ثُمَّ سَمِعْتُهُ يَقُولُ: ((إِنْ أُمِّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ مُجَدَّعٌ –حَسِبْتُهَا قَالَتْ– أَسْوَدُ، يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ، فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا)).

(یحیی) كوڕی (حُصَين)، لە دایەگەورەیەوە دایكی (حصَين) ( y ) دەڵێ: لەدایەگەورەمەوە بیستم دەیووت: لەخزمەتی پێغەمبەری خوا ( e ) دا حەجی ماڵئاواییم كرد، پێغەمبەری خوا ( e ) قسەی زۆری فەرموو، لەپاشاندا لێم

بیست دەیفەرموو: ((ئەگەر بەندەیەکی لوت و گوێ بڕاو وابزانم نەنکم وتی ڕەش پێستیش ـ کرایە فەرماندە بەسەرتانەوە بە قورئانەکەی خوا پێشەوایەتی کرد ئەوا گوێڕایەڵ و ملکەچی بن)).

## (22) گوێڕایەڵی بۆ چاکە و سەرپێچی لە خراپە

1171ـ عَنْ عَلِيّ ( t ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) بَعَثَ جَيْشًا وَأَمَّرَ عَلَيْهِمْ رَجُلًا، فَأَوْقَدَ نَارًا وَقَالَ: ادْخُلُوهَا، فَأَرَادَ نَاسٌ أَنْ يَدْخُلُوهَا، وَقَالَ الْآخَرُونَ: إِنَّا قَدْ فَرَرْنَا مِنْهَا، فَذُكِرَ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَقَالَ لِلَّذِينَ أَرَادُوا أَنْ يَدْخُلُوهَا: ((لَوْ دَخَلْتُمُوهَا لَمْ تَزَالُوا فِيهَا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)). وَقَالَ لِلْآخَرِينَ قَوْلًا حَسَنًا، وَقَالَ: ((لَا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ)). [البخاري/ التمني/ 6830]

(علي) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) سوپایەکی نارد و پیاوێکی کردە فەرماندەیان، ئەمیش ئاگرێکی کردەوە و وتی: بچنە ناوی، کەسانێك ویستیان بچنە ناو ئاگرەکە، کەسانێکی تریش وتیان: ئێمە لە ئاگر ڕامانکردووە، ئەم ڕووداوە باس کرا بۆ پێغەمبەری خوا ( e ) ئەویش فەرمووی بەوانە کە ویستیان بچنە ناو ئاگرەکە: ((ئەگەر بڕۆشتنایەتە ناوی هەتا ڕۆژی دوایی تیایدا دەبوون)) وە فەرموودەیەکی چاکیشی بەوانی تر فەرموو، ئینجا فەرمووی: ((گوێڕایەڵی ناکرێ بۆ سەرپێچی خوا، بەڵکو گوێڕایەڵی بۆ چاکەیە و بەس)).

## (23) ئەگەر فەرمان درا بە تاوان گوێڕایەڵی ناکرێت

1172ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) أَنَّهُ قَالَ: ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ، إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ)). [البخاري/ الأحكام/ 6725]

(أبن عمر) ( y ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((پێویستە کەسی موسڵمان گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت لەو شتەدا پێی خۆشە یان پێی ناخۆش بێ، مەگەر فەرمانی پێ بدرێ بە تاوان جا ئەگەر فەرمانی پێدرا بە تاوان ئەوا نە گوێڕایەڵ بێ و نە ملکەچ)).

## (24) گوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەواکان با مافەکانیش بگرنەوە

1173ـ عَنْ وَائِلٍ الْحَضْرَمِيِّ قَالَ: سَأَلَ سَلَمَةُ بْنُ يَزِيدَ الْجُعْفِيُّ ( t ) رَسُولَ اللَّهِ ( e ) فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ قَامَتْ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ وَيَمْنَعُونَا

حَقَّنَا، فَمَا تَأْمُرُنَا؟ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ فِي الثَّانِيَةِ أَوْ فِي الثَّالِثَةِ، فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ وَقَالَ: اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا، فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ، وَفِي رواية قَالَ: فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (e): ((اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا، فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ)).

(وائل الحضرمي) دەڵێ: (سلمة) كوڕی (يزيد الجُعفی) (y) پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا (e) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (e)، چۆنە ئەگەر جۆرە فەرمانڕەوایانێك بوونە بەرپرسمان داوای مافەكانی خۆیانمان لێبكەن و لە مافەكانی خۆیشمان بێبەشمان بكەن، ئەو كاتە فەرمانمان بە چی پێدەكەیت، ڕووی لێوەرچەرخان، دیسان پرسیاری لێكردەوە هەر ڕووی لیّوەرچەرخان پاشان بۆ دووبارە یان سیّبارە پرسیاری لیّكردەوە، ئینجا (أشعث) كوڕی (قیس) بە توندی ڕایكێشا و وتی: گوێڕایەڵ و ملكەچ بن، ئەوان بەرپرسن لەوەی لە ئەستۆیاندایە و ئێوەش بەرپرسن لەوەی لە ئەستۆتان دایە، لە ڕیوایەتێكی تردا، وتی (أشعث) كوڕی (قیس) ڕایكێشا، ئینجا پێغەمبەری خوا (e) فەرمووی: ((گوێڕایەڵ و ملكەچ بن، ئەوان بەرپرسن لەوەی لە ئەستۆیاندایە ئێوەش بەرپرسن لەوەی لە ئەستۆتاندایە)).

## (25) فەرمانڕەوایی چاك و فارمانڕەوایی خراپ

1174ـ عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ (t) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (e) قَالَ: ((خِيَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُحِبُّونَهُمْ وَيُحِبُّونَكُمْ، وَيُصَلُّونَ عَلَيْكُمْ وَتُصَلُّونَ عَلَيْهِمْ. وَشِرَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُبْغِضُونَهُمْ وَيُبْغِضُونَكُمْ، وَتَلْعَنُونَهُمْ وَيَلْعَنُونَكُمْ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَفَلَا نُنَابِذُهُمْ بِالسَّيْفِ؟ فَقَالَ: ((لَا، مَا أَقَامُوا فِيكُمُ الصَّلَاةَ، وَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْ وُلَاتِكُمْ شَيْئًا تَكْرَهُونَهُ فَاكْرَهُوا عَمَلَهُ، وَلَا تَنْزِعُوا يَدًا مِنْ طَاعَةٍ)).

(عوف) كوڕی (مالك) (t) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (e) فەرمووی: ((چاكترین فەرمانڕەواكانتان ئەوانەن كە خۆشتان دەوێن و خۆشیان دەوێن، دۆعای چاكەتان بۆ دەكەن و دۆعای چاكەیان بۆ دەكەن، خراپترین فەرمانڕەواكانتان ئەوانەیانن كە ڕەقتان لێیان دەبێ و ڕقیان لیتان دەبێ، نەفرەتیان لێدەكەن و نەفرەتتان لێدەكەن)) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا (e)، ئەی بە شمشێرەكان نەجەنگێین لە گەڵیاندا؟ فەرمووی: ((نەخێر، مادامێ نوێژ

لەناوتاندا دەكەن، هەر كاتێ شتێكتان بینی لەفەرمانڕەواكانتان كە پێتان ناخۆش بێ ئەوا دەست مەكێشنەوە لە گوێڕایەڵی)).

## ( 26 )نارەزایی دەرنەبڕین لە كارە ناشەرعیەكانی فەرمانڕەواكان

1175ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ( y ) زَوْجِ النَّبِيِّ ( e ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِنَّهُ يُسْتَعْمَلُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ، فَتَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ، فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ، وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: ((لَا، مَا صَلَّوْا)). أَيْ مَنْ كَرِهَ بِقَلْبِهِ وَأَنْكَرَ بِقَلْبِهِ.

(أم سلمة) ( y ) هاوسەری پێغەمبەری خوا ( e ) دەڵێ: پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((كەسانێك دەكرێتە فەرمانرەواتان، كاری وایان لێ‌دەبینی كە هەندێكیان پەسەندی شەرعن و هەندێكیان پەسەندی شەرع نین، هەر كەسێ پێی ناخۆش بێ (واتە ناشەرعیەكان) ئەوا بێ‌تاوانە، وە هەركەسێكیش نكوڵی لێبكا ئەوا سەلامەتە لە تاوان، بەڵام (تاوان بار) كەسێكە كە ڕازی بێت (بەو ناشەرعیانە) و شوێنكەوتە بێت)). وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ( e ): ئەی نەجەنگێین لەگەڵیاندا؟ فەرمووی: ((نەخێر، تا نوێژ بكەن)).

## ( 27 ) ئارامگرتن لە كاتی جیاوازی كردندا

1176ـ عَنْ أُسَيْدِ بْنِ حُضَيْرٍ ( t ): أَنَّ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ خَلَا بِرَسُولِ اللَّهِ ( e ) فَقَالَ: أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي كَمَا اسْتَعْمَلْتَ فُلَانًا، فَقَالَ: ((إِنَّكُمْ سَتَلْقَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً، فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوْنِي عَلَى الْحَوْضِ)). [البخاري/ فضائل الصحابة/ 3581]

(أسَيد) كوڕی (حُضَير) ( t ) دەڵێ: پیاوێك لە یارمەتیدەران لە پەنایەكەوە بە پێغەمبەری خوا ( e )ی وت: بۆچی نامكەیتە كار بەدەست، هەر وەك فلان كەست كردوە بە كار بەدەست؟ پێغەمبەر ( e ) فەرمووی: ((ئێوە لە دوای من دەگەن بە ڕۆژێك كە ڕێزی (فضلی) خەڵكی دەدرێت بەسەرتاندا، ئارام بگرن هەتا لەسەر حەوزەكە بەمن بگەن)).

## ( 28 ) دەست گرتن بە كۆمەڵی موسڵمانانەوە كاتی سەرهەڵدانی فیتنە

1177ـ عنْ حذيفة بن اليمان ( t ) قَالَ: كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) عَنِ الْخَيْرِ، وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، وَفِيهِ دَخَنٌ)). قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟

قَالَ: ((قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي وَيَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ، فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ، مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا. قَالَ: ((نَعَمْ، قَوْمٌ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمَا تَرَى إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ: ((تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ)). فَقُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: ((فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ، حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)). [البخاري/ المناقب/ 3411]

(حذيفة) کوڕی (اليمان) ( t ) دەڵێ: خەڵکی لەبارەی چاکەوە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ( e ) دەکرد، منیش لە بارەی خراپەوە پرسیارم لێدەکرد لە ترسی ئەوە نەبادا توشم ببێت، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) ئێمە پێشتریش لە نەفامی و خراپەدا بووین، خوا ئەم چاکەیەی بۆ هێناین، ئایا لە دوای ئەم چاکەیە خراپە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) ئینجا عەرزم کرد: ئایا لە دوای ئەو خراپەیەش چاکە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ هەیە، بەڵام لێڵی تێدایە)) وتم: لێڵ یەکەی چییە؟ فەرمووی: ((کەسانێك ڕەفتارێك دەکەن بەدەر لە ڕەفتار و سوننەتی من وە شوێن ڕێنماییەك دەکەون بەدەر لە ڕێنمایی من، هەندێ شتیان پێچاکە و هەندێ شتیشیان پێ خراپە)) دیسان وتم: ئایا لە دوای ئەوە چاکەیە وەخراپە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ بانگەوازکەرانێك هەن لەسەر دەرگای دۆزەخ وەستاون، هەر کەس بچێت بەدەم بانگەوازەکەیانەوە فڕێیدەدەنە ناوی)) دووبارە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ( e ) وەسفیان بکە بۆمان، فەرمووی: ((بەڵێ، کەسانێکن لە خۆمان و بە زمانی خۆشمان قسەدەکەن)) وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ( e )، چ دەفەرمووی پێم بکەم ئەگەر ئەمەم توش هات؟ فەرمووی: ((دەست بگرە بە کۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواکەیانەوە))، ئینجا وتم: ئەی ئەگەر نە کۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا؟ فەرمووی: ((خۆت بە دوور بگرە لە هەموو گروپەکان، بابەتەنهاش قەپ بکەی بە بن دارێکدا، هەتا مردن یەخەت دەگرێ تۆ لەسەر ڕاستی بە)).

## (29) حوکمی کەسێك کە سەرپێچی دەکات و لەکۆمەڵ جیادەبێتەوە

1178ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) عَنِ النَّبِيِّ ( e ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ، فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً. وَمَنْ قَاتَلَ تَحْتَ رَايَةٍ عِمِّيَّةٍ يَغْضَبُ

لِعَصَبَةٍ، أَوْ يَدْعُو إِلَى عَصَبَةٍ، أَوْ يَنْصُرُ عَصَبَةً، فَقُتِلَ فَقِتْلَةٌ جَاهِلِيَّةٌ. وَمَنْ خَرَجَ عَلَى أُمَّتِي يَضْرِبُ بَرَّهَا وَفَاجِرَهَا، وَلَا يَتَحَاشَى مِنْ مُؤْمِنِهَا، وَلَا يَفِي لِذِي عَهْدٍ عَهْدَهُ، فَلَيْسَ مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُ)).

(ابو هريرة) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا ( e ) فەرمووى: ئەو كەسەى لە گوێڕايەڵى دەردەچێ و لە كۆمەڵ جيادەبێتەوە، دەمرێت ئەوا بە مردنێكى نەفامى دەمرێت وە ئەو كەسەى كە لە ژێر ئالآيەكى كوێرانەدا دەجەنگێ و بۆ دەمار گيريەك توڕە دەبێ و، يان بانگەواز دەكات بۆ دەمار گيريەك، وەيان پشتى دەمار گيرى دەگرێت، كە كوژرا كوژرانەكەى نەفامانەيە، وە ئەو كەسەى كە لە ئوممەتى من دەردەچێ و كوێرانە دەدات لە چاك و لە خراپى و گوێنادات بە ئازاردانى باوەڕداران و وەفاناكات بە بەڵێنى ئەو كەسەى كە بەڵێنى پێدراوە، ئەوا لە من نيە و منيش لەو نيم)).

1179ـ عَنْ نَافِعٍ قَالَ: جَاءَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ ( t ) إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُطِيعٍ حِينَ كَانَ مِنْ أَمْرِ الْحَرَّةِ مَا كَانَ، زَمَنَ يَزِيدَ بْنِ مُعَاوِيَةَ، فَقَالَ: اطْرَحُوا لِأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ وِسَادَةً، فَقَالَ: إِنِّي لَمْ آتِكَ لِأَجْلِسَ، أَتَيْتُكَ لِأُحَدِّثَكَ حَدِيثًا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُهُ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((مَنْ خَلَعَ يَدًا مِنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا حُجَّةَ لَهُ، وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً)).

(نافع) دەڵێ: عبدالله كوڕى (عمر) ( t ) هات بۆ لاى (عبدالله) كوڕى (مطيع)لە كاتى ڕووداني ئەوەى كە لە ڕۆژى (الحرةَّ)[1] دا ڕويدا، سەردەمى يەزيدى كوڕى معاويە بوو وتى: پشتيەك دانێن بۆ (أبو عبدالرحمن)، ئەويش وتى: من بۆ ئەوە نەهاتوم دابنيشم، من هاتوم بۆلات، بۆ ئەوەى فەرموودەيەكت بۆ بگێڕمەوە، كە لە پێغەمبەرى خوا ( e )م بيستووە، كە دەيفەرموو: ((هەر كەسێ دەستى بكێشێتەوە لە گويڕايەڵى و ملكەچى لە ڕۆژى قيامەتدا بە خوا ( U ) دەگات و بەڵگەى بەدەستەوە نيە، وە هەركەسێ بمرێ و پەيمانى پێشەواى موسڵمانان لە گەردنيدا نەبێ ئەوە بە مردنێكى نەفامانە دەمرێت)).

---

[1] الحرةَّ: ئەو ڕۆژەيە كە خەڵكى مەدينە جەنگان لەگەڵ سوپاى (يزيد)ى كوڕى (معاويە) كە هاتبوو بە زۆر پەيمانيان لێوەربگرێ بۆ يەزيد. الحرةَّ: زەويەكى بەردينە لەدەرەوەى مەدينە. بەردەكانى ڕەشن.

## ( 30 ) سزای دووبەرەکی خستنە نێو موسڵمانانەوە

1180ـ عَنْ عَرْفَجَةَ ( t ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) يَقُولُ: ((إِنَّهُ سَتَكُونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ، فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ –وَهِيَ جَمِيعٌ– فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ، كَائِنًا مَنْ كَانَ)).

(عَرفَجة) ( t ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوا ( e )م بیستووە دەیفەرموو: ((لە ئایندەدا فیتنە گەلێك دێنە پێش، هەر كەسێك بیەوێت دوو بەرەكی بخاتە نێو كاری ئەم ئوممەتەوە –لەكاتێكدا یەك بن– بەشمشێر لێی بدەن با هەركەسێك بێت)).

## ( 31 ) هەر كەس چەكمان لێ هەڵبگرێ لە ئێمە نیە

1181ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ( e ) قَالَ: ((مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا، وَمَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا)).

(أبو هريره) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((هەر كەسێ چەكمان لێ هەڵبگرێ لە ئێمە نیە، وە هەر كەسێ گزیمان لێبكات لە ئێمە نیە)).

## ( 32 ) دەست گرتن بە ئاینی خواوە و وازهێنان لە دووبەرەكی

1182ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( t ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( e ): ((إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا، وَيَكْرَهُ لَكُمْ ثَلَاثًا: فَيَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا. وَيَكْرَهُ لَكُمْ: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ، وَإِضَاعَةَ الْمَالِ)).

(أبو هريرة) ( t ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( e ) فەرمووی: ((خوا لە سێ شتتان ڕازیە و لە سێ شتیشتان ناڕازیە" ڕازی دەبێ كە بیپەرستن و هیچ شتێك نەكەنە هاوەڵی، وە هەمووتان دەست بگرن بە ئاینی خواوە، و ناكۆك مەبن، وە پێی ناخۆشە بۆتان: وتی وتی ، زۆر پرسیار كردن، ماڵ بەفیڕۆدان)).

## ( 33 ) ڕەتكردنەوەی كاری داهێنراو

1183ـ عَنْ سَعْدِ بْنِ إِبْرَاهِيمَ قَالَ: سَأَلْتُ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّدٍ عَنْ رَجُلٍ لَهُ ثَلَاثَةُ مَسَاكِنَ، فَأَوْصَى بِثُلُثِ كُلِّ مَسْكَنٍ مِنْهَا. قَالَ: يُجْمَعُ ذَلِكَ كُلُّهُ فِي مَسْكَنٍ وَاحِدٍ، ثُمَّ

قَالَ: أَخْبَرَتْنِي عَائِشَةُ (y): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (e) قَالَ: ((مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ)). [البخاري/ الصلح/ 2550]

(سعد) كوڕی (إبراهيم) دەڵێ: پرسیارم كرد لە (قاسم) كوڕی (محمد) لەبارەی پیاوێكەوە كە سێ خانووی هەیە، وەسیەتی كردوە بەسێیەكی هەریەك لەوخانووانە. وتی: ئەو سیانە لەیەك خانوودا كۆدەكرێنەوە، پاشان وتی: عائشة (y) ئاگاداری كردم: كە پێغەمبەری خوا (e) فەرموویەتی: ((هەر كەسێ كارێ بكات كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوا ڕەت دەكرێتەوە)).

## (34) ئەو كەسەی فەرمان دەدات بە چاكە و خۆی نایكات

1184ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (t) قَالَ: قِيلَ لَهُ: أَلَا تَدْخُلُ عَلَى عُثْمَانَ فَتُكَلِّمَهُ؟ فَقَالَ: أَتَرَوْنَ أَنِّي لَا أُكَلِّمُهُ إِلَّا أُسْمِعُكُمْ؟ وَاللَّهِ لَقَدْ كَلَّمْتُهُ فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَهُ. مَا دُونَ أَنْ أَفْتَتِحَ أَمْرًا لَا أُحِبُّ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ فَتَحَهُ، وَلَا أَقُولُ لِأَحَدٍ يَكُونُ عَلَيَّ أَمِيرًا: إِنَّهُ خَيْرُ النَّاسِ، بَعْدَ مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (e) يَقُولُ: ((يُؤْتَى بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ، فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُ بَطْنِهِ، فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِالرَّحَى، فَيَجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّارِ فَيَقُولُونَ: يَا فُلَانُ مَا لَكَ؟ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ؟ فَيَقُولُ: بَلَى، قَدْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلَا آتِيهِ، وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَآتِيهِ)). [البخاري/ بدء الخلق/ 3094]

(أسامة) كوڕی (زيد) (y) دەڵێ: پێی وترا: بۆ ناچیتە لای عثمان و بیدوێنی؟ وتی: ئایا ئێوە وا دەزانن كە ئێوە گوێتان لێنیە ئیتر قسەی لەگەڵ ناكەم سوێند بەخوا دوو بە دوویی قسەم لەگەڵدا كردوە، بەبێ ئەوەی دەرگای كارێك بكەمەوە كە حەز ناكەم یەكەم كەس بم لە كردنەوەیدا، وە بە كەسێكیش كە فەرمانڕەوابێ بەسەرمەوە ناڵێم: ئەو چاكترین كەسە، لەپاش ئەوەی كە لە پێغەمبەری خوا (e)م بیستووە دەیفەرموو: ((لە ڕۆژی قیامەتدا كەسێ دەهێنرێ و فرێ دەدرێتە ناو ئاگر، ناوسك و ڕیخۆڵەكانی هاتونەتە دەرەوە، خەڵكانی نێو دۆزەخ لێی كۆدەبنەوە و دەڵێن: فلانە كەس ئەوە چیتە؟ ئەی تۆ نەبووی فەرمانت دەدا بە چاكە و ڕێگریت دەكرد لە خراپە؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ من فەرمانم دەدا بە چاكە و خۆم نەمدەكرد، وە ڕێگریم دەكرد لە خراپە و خۆم دەمكرد)).